18-9-2005 20:07بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئارەزو وحەزەکانی مرۆڤوگیانداران، وەلامێک بۆحەزەوردیلەییەکانی جەزاچنگیانی ... جەمال فەفاح

هەرلەسەرەتای ساردبوونەوەی ئەم ئەستێرە پڕلەکێشەوکارەساتەی زەوی مرۆڤو ئاژەڵو پەلەورو مێرو وگیاندارانی دەریاو زیندەوەرەکانی تری وردو درشت بەمیکرۆبو بەکتریاوە کەلەسەری پەیدا بوون وهاتنەفەراهەم. پاش فەراهەم هەر دەستەیەک لە زیندەوەران بوون بەخاوەنی کۆمەڵە خەسڵەتێک وکۆمەڵە حەزێک وکۆمەڵە ئارەزوویەک. وە حەزو ئارەزووەکانی مرۆڤو گیانداران زوربەی هەرەزۆریان هاوبەش وچونیەکن بەتایبەتی (سیکس) . ئەوحەزو ئارەزو وخەسڵەتانە چی لە ڕێگای یەکێک لەئەندامەکانی جەستەیانەوە بووبێت یان لەڕێگای یەکێک لەخانەکانی مێشکو جەستەیانەوە بووبێت یا لەڕێگای هەستوو بیرکردنەوە یانەوە بووبێت یا لەڕێگای خشاندنو خۆلێدانەوە بووبێت یالەڕێگای بیستن وبینین وبۆنکردن وتامکردنەوە بووبێت وهتد. . . هەر گیاندارێک بەپێی خەسڵەتی سروشتی خۆی هەولی بۆداون وهەولیشیان بۆئەدەن بۆشکاندنی ئارەزووەکانیان لێیان. ئەم ئارەزو وخەسڵەتانەی سەرەوە ڕەنگە ژمارەیان لەمرۆڤو گیاندارانی تردا خۆیان لەهەزاران بدەن. لەوهەزاران خەسڵەتوئارەزوانە تاکەیەک دانەیان پێی ئەوترێت (سیکس) واتە تێرکردنی ئەندامی زاوزێی مرۆڤوئاژەڵوگیاندارانو زیندەوەران بەنێرومێوە. خەسڵەتوئارەزووەکانی مرۆڤ کەزیاتر بۆمان ئاشکرانو بەرچاون لەبەرئەوەی خۆمان مرۆڤین. لەوانە خەسڵەتو ئارەزوی زۆر بەکەڵکو بەلەزەتو بەپێزیان تێدایە چی بۆتاکەکانی مرۆڤو چی بۆکۆمەڵگای مرۆڤ کەزۆریان لەوئارەزوانە لە سیکسە کەی کاک جەزاچنگیانی گرەنگترن ومرۆڤ چێژی زیاتریان لێوەر ئەگرێت. بۆنمونە بینین پڕچێژترین خەسڵەتە وگەورەترین پانتایی لەژیانی گیانداراندا بەگشتی لەژیانی مرۆڤدا بەتایبەتی گرتووەتەوە. یان لەوانەیە مرۆڤێکی موسیکی جێژ زۆرتر لەموسیکاوەربگرێت تالەسیکس. بەلام ئەوەی گرنگە کاک جەزاچنگیانی مافی خۆیەتی کە تەنها چێژ لەو تاکە ئارەزوە وەر بگرێت. بەلام هەڵەکە لەوەدایە کاک جەزا ئارەزووەکەی ئەنوسێت وئەگوێزێتەوە بۆکۆمەڵگای کوردی. ئەگەرکاک جەزا گشت خەسڵەتو ئارەزووەکانی مرۆڤ وەلانێت وبەگرنگ نەگرێت تەنها (سیکس) ی کردبێتە هەوێنی نوسینەکانی وەک ئەوەوایە هەموو پیتەکانی ناو نوسینەکانی بسڕێتەوە تەنها پیتی (ق) بلێتەوە. دیارە ئەوکاتە مرۆڤ هیچ چێژوکەڵکێک لەنوسینەکانی کاک جەزا ولەتەنها پیتی (ق) وەرناگرێت بەڵکو بەپێچەوانەوە زیانی زۆریشی بۆکۆمەڵگای کوردی هەیەکەدوایی دێینە سەرهەندێکی. لەلایەکیتر ئەگەر کاک جەزا ئەیەوێت پەیڕەوی لەهەندێک نوسەری سەدەکانی ڕابردوی ئەوروپابکات وەک ئیفلاتون وفرۆیدو داروین وهتد. . ئەوەدرەنگی لێبەسەر هاتووەو ئەوروپای ئەمڕۆ وجیهانی ئەمڕۆ بەگشتی ئەوقۆناخەی بەجێهێشتووەو کاتێک ئەونوسەرانەی ئەوروپا باسیان لەوبابەتانەی (سیکس) ئەکرد کۆمەڵگای ئەروپا لەڕوی سیکسەوە زۆرلەدوابوون وەزۆریش تامەزرۆبوون بەوجۆرە نوسینە سیکسیانە چونکە ئەودەم نەهۆکاری گەیاندنی (سیکس) هەبوو نەسەتەلایت هەبوو نەکەناڵی سیکسی هەبوو نە فیلمی سیکسی هەبوو نەڤیدیۆ هەبوو نەئەنتێرنێت هەبوو نەگۆڤارە سیکسیەکان هەبوون نەئەم جیهانە بەرینە ببووە گوندێکی بچوک نەسیکسیش لەجیهاندا بەم جۆرەی ئێستا برەوی هەبوو. لەسەدەکانی ڕابردوودا لەئەوروپا کنێسەو قەشەکان سیکسیان زۆر کۆنترۆڵ کردبوو بەجۆرێک لەهەندێک وڵات سزای مردنی هەبوو. بۆیە ئارەزووە سیکسیە پەنگ خواردووەکان لەئەوروپادا بوونە بورکان وتەقینەوەو کۆشکی خێزان وئاین وقەشەو کنێسەو بەندوباوەکۆمەڵایەتیەکانیان لەڕەگوڕیشە دەرهێنا. ئەم بورکانەش بۆتە هۆی دروستکردنی کۆمەڵێک کێشەو نەخۆشینی جیاجیا لەکۆمەڵگای ئەوروپادا، وەک نەخۆشی کوشندەو بێچارەسەری ئایدز، وەک زۆربوونی ڕێژەی تەڵاق وجیابوونەوەی هاوسەر لەهاوسەر، وەک هەڵوەشانەوەی بنەماکانی خێزان، وەک بەرز

بونەوەی ڕێژەی منداڵی بێدایکوباب بۆڕێژەیەکی فراوان، ئەومنداڵانەش کەگەورەئەبن لەبەر ئەوەی لەلایەک نازانن باوکودیکیان کێیەو لەلایەکیتر بێبەش بوون لەمیهرەبانی باوکودایک بەشێکی زۆریان ئەبنەهۆی دروستکردنی کارەساتوترادژیدیای جۆراوجۆر بۆکۆمەڵگا. یان بەشێکیان وەک دڕندەیەک ئەکەونە ناوکۆمەڵگا وهەرچی یاساوبەندو باوی کۆمەڵگا هەیە بەگرنگی ناگرنو پێشێلی ئەکەن، یان لەبەر زۆربوونی کێشە کۆمەڵایەتیەکان کەلەتاقەتی تاکی کۆمەڵگای ئەوروپابەدەرە بەشێکی بەرچاولەکۆمەڵگای ئەوروپی پەنایان داوەتەبەر خواردن وکێشانی مادە سڕکەرەکان کەئەویش بووەتە نەخۆشینێکی بەربڵاوی کوشندەو کۆنترۆڵو چارەسەرکردنی محاڵە. لەلایەکیترلە چەرخی پەلەی جیهاندا هەموئەوهۆکارەسیکسیانەی کەلەسەرەوەباسم کردوون ئەتوانن (سیکس) بگوێزنەوە بۆهەموماڵێک لەسەرانسەری جیهاندا هەرتاکێکی کۆمەڵگای جیهان بەسەرجەم تاکەکانی کوردیشەوە کەمنو کاک جەزا بۆیان ئەنوسین بەشێوەیەک لەشێوەکان یان چەندشێوەیەک لەشێوەکان ئەتوانن لەماڵی خۆیاندا لەهەموکاتێکدا (سیکس) ببینن ئەگەر ئارەزوبکەن. ژیانیش بۆیە خۆشە هەرکەس بەویستو ئارەزوی خۆی بژی وکەس سێبەر بۆئەویتر نەکات. بەڵام بەڕای من ئەو نوسینانەی کاک جەزا سێبەر بۆزۆرکەسو چین وتوێژو گروپ ئەکات. بەدیدی من کۆمەڵگای کوردی بەڕێژەیەکی کەم ئارەزوی ئەوبوارەئەکەن واتە بواری بینینی هۆکارە سیکسیەکان ئەویش بەشێک لەچینی لاوانە کەلەوانەیە لەسەدا 5% ی کۆمەڵگای کوردستان تێپەڕنەکات. ئیتر بەشەکانیتری کۆمەڵگای کوردی یا وابەستەن بەئاین یا تەمەنیان تێپەڕاندووە یا پابەندن بەبەندوباوە کۆمەڵایەتیە کان کەئەوانەش مافی هەرتاکێکی کۆمەڵگای کوردیە. ئەمانەش هەموو دژو پێچەوانەی بیری سەیرکردن وچێژوەرگرتن لەبوارەسیکسیەکانن بەنوسینەکانی کاک جەزاشەوە. .

وەک ڕوونە هەرنوسینێک شۆڕشی بوارێکە دژی بوارێکی تری ژیان بەتایبەتی نوسین پێویستە شۆڕشی بوارێکی بەکەڵک بێت دژی بوارێکی بێکەڵک. لێرەدا نوسینە سیکسیەکانی کاک جەزا شۆڕشە دژی شەرم بەڵام ئایا (سیکس) چی پانتاییەکی بەکەڵکی لەژیانی مرۆڤدا هەیە؟؟وەشەرم چی پانتاییەکی هەیەلەژیانی مرۆڤدا بەتایبەتی لەژیانی مرۆڤی کورد دا. دیارە (سیکس) خەسڵەتێکی تاکە بۆدووهۆکار یەکەم بۆتێرکردنی ئارەزووەسیکسیەکانی گیانداران دووەم بۆپەرەپێدانی ژیانە بۆ نەوە لەدوای نەوەی گیانداران. خەسڵەتی سیکسیش ئاژەڵوگیان لەبەرانی دیکەش ئەیزانن نەک تەنهامرۆڤ خەسڵەتێکە سەدان ملیۆن ساڵە لەناوگیانداراندا درێژەی هەیە بەڵام پانتایی شەرم زۆرلایەنی هەیە بۆمرۆڤ وبەتایبەتی بۆمرۆڤی کورد کەهندێکیان زۆربەکەڵکن. وەک شەرمکردن لەباوکودایکو مامۆستاو هتد. . وەک ڕێز لێگرتن. وەک ڕێزدانان بۆهەرشتێکی بەکەڵک کەجێگای ڕێزلێگرتنبێت، وەک پاراستنی بنەماکانی خێزان، وەک خەسڵەتە بەنرخەکانی پەروەردەی خێزان، وەک ڕێزگرتنی بیروباوەڕی مرۆڤ. لەلایەکیتر ئەوەشەرمە ڕێگالەمرۆڤ ئەگرێت بەتایبەتی مرۆڤی کورد کەدزی نەکات کەدرۆنەکات کەدەستی خەڵک نەبڕێت کەکاری دزێوونابەجێ نەکات کەخۆفرۆشی وجاسوسی نەکات کەئازاری کەسانیتر نەدات کەسێبەر بۆبەرژەوەندی کەسانیتر نەکات کەپارێزەری خەسڵەتە پیرۆزو بەنرخەکانی کۆمەڵگای کورد بێت کەئەندامێکی بەکەڵکی کۆمەڵگابێت وهتد. . لەلایەکیتر کۆشکی کەسایەتی مرۆڤی کورد بەشێکی گرنگی لەڕێگای شەرمکردن لەکارەدزێو وناشیرینەکانەوە دروست ئەبێت وئەبێتە مرۆڤێکی بەکەڵکو ئەندامێکی بەکەڵکی کۆمەڵگا. جائەگەر شەرمکردنی کورد شۆڕشی لەدژبکرێت واتە ئەوشۆڕشە بیەوێ ونەیەوێ ئەبێتە پشتگیری کاروخەسڵەتە دزێو وناشیرنەکانی کۆمەڵگای کوردی ودژی ئاکارو خەسڵەتە جوانەکانی کۆمەڵگای کوردی ئەبێت بەگشتی ئەوکاتە نەئێستاو نەداهاتووش ئەشۆڕشە سیکسیە بەکاری چاکە نایەتە ژماردن لەسەرئاستی کۆمەڵگای کوردی بەتایبەتی.

ئەودەربڕینانەی کاک جەزا لەڕووی سیکسەوە باوەڕ ناکرێت هیچ تاکێکی کورد بەوجۆرە دەربرینانە لەگەل هاوسەرە خۆشەویستەکەی خۆیدابدوێت. چونکە هەرچۆن زۆرلەیەک نزیکن بەڵام کۆمەڵێک شەرم وڕێز لەنێوان هاوسەری کورد دا هەیە ئەوشرم وڕێزە ڕێگا ئەگرێت لەوجۆرە دەربڕینانەی کاک جەزا بەرانبەربەهاوسەرەکەی دەریبڕیون، بۆنمونە کاک جەزا لە نوسینی ڕۆژی 2005/9/18 دا لەسایتی کوردستاننێت دا لەکۆپلەیەکی نوسینەکەیدا ئەنوسێت: من ئەزانم تۆی حەشەری وناوگەڵ لینج لەجیاتی من بۆپڕکردنەوەی بۆشایی ڕۆحت و شەوەتوڕەکەت یان پیاوێکی نامۆت خواستوە. . . یان پەنجەی ناوەڕاستت لەجیاتی ڕێواسە گڕاوییەکەی من. . . تۆخێکی زمانە توتەی بەرموسەڵانتی بردووە. . . کوامیانت کردوە؟؟؟هەرخۆتو خوا دەزانن ئیمشەو بێ من چیتکردوە.

ئەم دەربڕینەی کاک جەزا بێڕێزییە بەرانبەر بەهاوسەریەتی بەتایبەتی هاوسەری کورد. گومان ناکرێت ئافرەتی کورد هرکە شەوێک مێردەکەی لەماڵەوە نەبوو ئیتر بڕوات پیاوێکی نامۆبخوازێت وەک ئەوەی کاک جەزا گومانی کردووە لەوانەیە لەدەیانهەزراردا ئافرەتێکی کوردئەگەر کاری وابکات یان ئەگەر پیاوێکی کورد ئاوا وەک کاک جەزا بەڕاشکاوی بزانێت کە هاوسەرەکەی کاری وای کردووە ئیتر هەرهیچ نەبێت لەهاوسەرەکەی جیا ئەبێتەوەودەستی لێهەڵ ئەگرێت، ئەوکاتە وەی بەحاڵی ئەومندالەی کەلەو دایکوباوکەبێت ئاخۆ دوای جیابوونەوەی دایکوباوکی لەیەکتر سەرەنجامی بەچی ئەگات وچۆنسەرگەردان ئەبێت. چونکە پێکەوەنانی خێزان وژیانی هاوسەری کورد کۆمەڵە بنەمایەکی هەیە کەئەوبنەمانە زۆردوروجیایە لەونوسین ودەربڕینانەوی کاک جەزا مەگەر ئەویش لەدەیان هەزار پیاوی کورد دا پیاوێک ڕازی بێت بەوەی ژنەکەی ئەوکارانەبکات وڕازیبێت وبەخوێن ساردی وەری بگرێت. هەتا لەئەوروپاو دینای مەسیحەتیش پیاوێک یان ئافرەتێک ڕازینابێت هاوسەرەکەی بڕوات لەگەل کەسێ کی تر جوت ببێت کنێسەش ڕێگای بەوەداوە ئەگەر ژنێک یان پیاوێک ناپاکی کرد بەرانبەر بەهاوسەرەکەی ئەوکاتە هاوسەرەکەی مافی خۆیەتی کەلێی جیاببێتەوە.

لەلایەکیتر هەرگەلو نەتەوەو کۆمەڵگایەک خاوەنی کۆمەڵێک خەسڵەتو کەلتوروباوی خۆیانن کەجیاوازە لە گەلونەتەوەو کۆمەڵگا کانیتر دیارە کوردیش بەڕێگای کۆمەڵێک خەسڵەتو نەریەت وکەلتور لەگەلو نەتەوەکانی دیکە جیایەو وەکونەتەوەپێی ناسراوە یەکێک لەوانە شەرمکردنەو لەڕێگای شەرمکردنەوە خۆدور گرتنە لەئاکارو کارە دزێو وناشیرین وزیانبەخشەکان، ئەتوانم بڵێم هەرئەو خەسڵەتە جوانانەی کورد بووە بووەتە هۆی ئەوەی بەدرێژایی مێژوی کورد گەلەکەمان ستەمی بەرانبەر هیچ گەلونەتەوەیەک نەکردووەو ئەگەر دوژمنانیشی تراژیدیا یان بۆدروستکردبێت بەڵام کورد نەبووەتە هۆی دروستکردنی تراژیدیا. بۆیە بەگەلێکی مرۆڤ دۆستو جوامێر دەژمێردرێین لەسەر ئاستی ناوچەکە. لەکۆتاییدا هیوادارم ڕۆشنبیرانی کورد درێژەبەخەسڵەتە جوانەکانی کوردەواری بدەن چونکە لەبەرژەوەندی ئایندەی نەوەکانی گەلەکەمانە وە ڕۆشنبیرانی کوردیش هیچ خەسڵەتێکی بێگانە تێکەڵ بەکوردنەکەن و خەسڵەتە خراپەکانی کۆمەڵگاکانی دیکە نەگوێزنەوە بۆسەر کۆمەڵگای کورد چونکە ئەبنەهۆی پامالٚ کردنی خەسڵەتە جوانەکانی کوردەواری. داواکارم هەم کاک جەزاو هەم خوێنەرانی بەڕێزیش تەنها کوردانەو لەدیدەگای بەرژەوەندی کۆمەڵگای کوردەوە بڕواننە ئەم تێبینیانەی من وبیرکردنەوەکانی خۆیان. لەگەل ڕیزی بێپایانم بۆهەر قەڵەمێکی ئازادو بەکەڵکی کورد بۆکورد. .

جمال فتاح
2005/9/18